## ڕێکخراوی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

## کۆنفراسی ساڵانەی خۆی و یادی 12 هەمین ساڵڕۆژی پێکهاتنی حزبی سەرکەوتوانەو شکۆدارانە بەڕێوەبرد!

ڕوژی شەممە بەرواری 20.08.2005 لە شاری یۆتۆبۆری، ریکخراوی سویدی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کونفرانسی سالانەی خوی بەئامادەبوونی زوربەی ئەندامان وکادرانی ریکخراوی سوید و بەئامادەبوونی هەیئەتیکی رابەری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری_ حکمەتیست کە پیکهاتبون لە هاورییان"ئیرەجی فەرزاد،سورەیای شەهابی، سەلام زیجی، عبداللە شەریفی "، هەروەها بە بەشداری دەبیری سازمانی جوانانی ئەو حیزبە لە سوید(عباسی رەزایی) و ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسانی ئازادی خوازو یەکسانی خواز کە وەکو میوان هاتبوون، بەریوەبرد.

کونفراس کاتژمیر 10.30 بە سرودی ئەنتەرناسیونال وبەدەقیقەیەك وەستان بو ریزلینان لە گیانی هاورییانی گیان بەختکردووی ریگای ئازادی و سوسیالیزم، و مەنسور حکمت رابەری بزووتنەوەی کومونیزمی کریکاری دەستی پیکرد.

دوای ئەوەی کونفراس بە ئامادەبوونی زورینەی ئەندامەکانی قانونیەتی خوی راگەیاند،هەیئەتی بەریوەبردنی کۆنفرانس و ئایننامەو دەستور جەلەسەی پیشنیاری کومیتەی وەکو ئایننامەو دەستور جەلەسەی کونفرانس پەسەند کرد، پاشان چووە ناوبرگەو بابەتەکانەوە. سەرەتای کۆنفرانسەکە بەوتاری ئیفتتاحیەی هاوری شەمال عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەستی پیکرد، کە تیایدا ئاماژەیدا بەوەزعیەتی هەلومەرجی سیاسی عیراق و جیگاوریگای حزب و دەوری خەباتکارانەی ئەم حزبە بۆ کۆتاییهینان بە هەلومەرجی جەهەنەم ئاسای خولقاوی دەستی جەنگخوازی و ملهوری ئەمریکاو بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی و بەرەی کریگرتەی ئەمریکا، لەبەشیکی تری ووتارەکەیدا ئاماژەیدابە ریگاچارەکانی ئەم حزبە بۆ گیرانەوەی کۆمەلگای عیراق، بۆ کۆمەلگایەکی نورمال و سکولارو ئینسانی،پاشان هاوری سەلام زیجی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەبیری تەشکیلات سویدی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری–حیکمەتیست ووتەیەکی پیشکەش کرد.

دوابەدوای ئەمانە کۆنفراس چووە ناو برگەوباسەکانی کۆنفراسەوە، سەرەتا هاوری جەمال ئەیوب راپورتی کاروچالاکیەکانی دەورەی رابردووی کومیتەی پیشکەش کرد، هاورییان بە بەشداری چالاکانەیان ئەوەندەی تر فەزای کۆنفرانسیان گەرم کرد، بەدوای ئەمیشدا لەسەر ئەولەویەتەکانی کارو هەلسورانی تەشکیلاتی خارج هاوری فارس مەحمود بەرپرسی ریکخراوی خارجی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق قسەو باسیکی پیشکەش کرد کە تیایدا ئاماژەیدا بە ئەولەویاتەکانی ریکخراوی دەرەوەی وولات، هەروەها لە بەشیکی کونفرانسەکە هاورییان هەلالە رافع ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ریکخراوی کومیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنان و شیرزاد فاتیح بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالان ,ئاسوگوران بەرپرسی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید لەسەر کارو ئەولەویەتەکانی ریکخراوی سوید قسەوباسیان کرد. هەروەها جیگای باسە کە هاوری قادر مەجید کادری حزب و کۆمۆنیستی دیرینەی ناسراو، پەیامیکی پیشکەش بەحزب و کۆنفراس کرد، کە تیایدا چۆنیەتی پەیوەست بوونی خۆی بەم حزبەوە وەکو دۆزینەوەی سەرلەنوێ ی خۆی لە ژیانی سیاسی و خەباتکارانەدا وەسف کردو، ووتی پیکهاتنی ئەم حزبە بۆ من و هەزارەها ئینسانی هیوادار، پیکهاتن و خولقاندنی ریگای رزگاری بوو.

برگەیەکی دیکەی کونفرانس تایبەت بوو بە پەسەندکردنی بریارو بریارنامە دواین برگەش هەلبژاردنی ئەندامانی کومیتەی سوید بوو کە 15 کەس وەك ئەندامانی کۆمیتە هەلبژاردران کە بریتین لە( ئاسۆ گۆران، شیرزاد فاتیح، ئارام علی، فیان کەریم، جەمال ئەیوب، بابان عوسمان، عبداللە مەحمود، هەلالە رافع، علی عبدالکریم، شنە ئەحمەد،سامان ئەحمەد، نەبەز خالید، رینوار جەبار، کاروان لەتیف، فوئاد ئەحمەد شەریف) هەروەها هاورییان( نازەنین سالح، مەحمود ئەحمەد و بەهادین ئەحمەد) وەکو ئەندامانی راویژکاری کۆمیتە هەلبژیردران. ئەمەو کونفرانس لە کاتژمیر7ی ئیوارە بەسرودی ئەنتەر ناسیونال و لەناو شوروشەوقی ئامادەبواندا کوتاییهات.

ئیوارەی هەمان رۆژ و بەبۆنەی 12 هەمین سالیادی پیکهاتنی حزبەوەو بۆ بەرزراگرتنی ئالای خەباتکارانەی ئەم حزبە، کۆمیتەی سوید مەراسیمیکی شکۆداری جەماوەری سازکرد، سەرتای مەراسیم بە ووتاری حزب کە لە لایەن عبداللە مەحمود ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەستی پیکرد، کە تیایدا ئاماژەی دا بە دەوری خەباتکارانەی ئەم حزبە لە 12 سالی رابردودا بەگشتی و دەوری لە هەلومەرجی ئیستای عیراق و ئەو ریگاچارانەی ئەم حزبە هەیەتی بۆ رزگارکردنی کۆمەلگای عیراق. پاشان هاوری سەلامی زیجی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران_حیمەتیست *هەر بەو بۆنەیەوە ووتاریکی پیشکەش کرد، کە تیایدا ئاماژەی دا بە دەوری حاشاهەلنەگری ئەم حزبە لە کۆمەلگای عیراق و ئەو ریگاچارە ئینسانی یانەی بۆ رزگاری کۆمەلگای عیراق بەدەستیەوە گرتووە.*

*پاشان برگەی دووەمی سالیادی پیکهاتنی حزب بە گۆرانی و مۆسیقاو سەمای هەمەرەنگ و بەبەشداری تیپی مۆسیقای ئەفین و گۆرانی بیژی دەنگ ناسك ئامانج قەرەداغی دەستی پیکردو تا سەعات 1:30 دەقیقەی شەو بەردەوام بوو، شایانی باسە شەوئاهەنگی یادی حزب لەناو پیشوازیوشورشەوقی ئامادەبواندا سەرکەوتوانە کۆتاییهات.*

جیگای باسە رۆژی 2005/8/21 کۆمیتەی هەلبژیردراو یەکەمین کۆبونەوەی خۆی بەست، کە تیایدا جەمال ئەیوب بە دەبیری کۆمیتەی سوید، رینوارجەبار بەرپرسی مالیەی کۆمیتە هەلبژارد، لە بەشیکی تری کۆبونەوەکەدا، چەندین بریار و راسپاردە کە کۆنفرانس کۆمیتەی هەلبژیردراوی بۆ راسپاردبوو، خستە بەرباس ولیکۆلینەوە، هاوکات لەسەر ئەولەویاتەکانی دەورەی داهاتوی کۆمیتە قسەو باس کرا، لەو پەیوەندەدا کۆبونەوەکە عبداللە مەحمود راسپارد تا ئەولەویاتی کاروباری ریکخراوی سوید بۆ دەورەی داهاتووی لەماوەی 10 رۆژدا ئامادە بکات و بیخاتە بەردەم کۆمیتە تا

**دوای مناقەشەو گۆرینەوەی بیروارا لە کۆبونەوەی داهاتودا وەکو سەنەدی کۆمیتە بریاری لیبدریت. لەکۆتای کۆبونەوەکەشدا بریاردرا لە زوترین کاتدا کۆمیتەی ستۆکهۆلم و یۆتۆبۆری پیک بهینرین و بەرپرسی تەشکیلاتی مالمۆش دیاری بکریت. ئەمەو کۆبونەوەکە سەرکەوتوانە کۆتاییهات.**

**کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

2005-8-22